# وتەبێژی حکومەتی هەرێم: مەسرور بارزانی سەرقاڵی چارەسەرکردنی کێشەی مووچەی هەموو فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانە

حکومەتی هەرێمی کوردستان هەکاری دروستبوونی کێشە لە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان بە ئەو دەگەنەتەو کە "لایەنەکی سەرەکی و پکهەنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان دوای لایەنەکی ئەپۆزسیۆن کەوتن" لە ئەستادا سەرەکی حکومەت سەرقاڵی چارەسەرکردنی کێشەی مووچەی هەموو فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانە."

بەرەبەیانی ڕۆژی دووشەممە، 18ـی ئاداری 2024، گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاگەیەندراوەکی لەبارەی دواکەوتنی مووچە بڵاوکردەوە.

وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت، بەغدا تەنیا 59٪ـی مووچەی فەرمانبەرانی ناردووە؛ "نە سووکایەتی قبووە دەکەین و نە جیاکاری لەنێوان فەرمانبەرانمان دەکەین" و دەشڵێت، "سیاسەتی برسیکردن بە هەموو شێوەیەک ڕەتدەکەینەوە دژی دەوەستین."
لەم کاتەدا وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدراڵ ئامادەیە تەنها 59٪ موچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان بدات ئەویش دوای یەک مانگ لە دواخستنی، کە مووچەی پێشمەرگە و شەهیدان و بێشکی زۆری

فەرمانبەرانی هەرێمی تەدا نییە، ئەمەش بە دروستکردنی فیتنە و جیاکاری و سوکایەتییە بە فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان.

لەم کاتەشدا حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەتایبەت بەڕێز سەرکۆزیران سەرقاڵی چارەسەرکردنی کێشەی موچەی هەموو فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانە.

ئەوانەی لەدەرەوەی نیەتی نیشتیمانی و پاراستنی قەوارەی دەستوری هەرێمی کوردستان موزایەدە و قسەی دیکە دەکەن ئەگەر راست دەکەن با بفەرموون لەگەڵ وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدراڵ ئەو بەڵە موچەیە خێیان دابەشی بکەن، چونکە ئەمە نە سوکایەتی قبووڵ دەکەین و نەجیاکاری لەنێوان فەرمانبەرانمان دەکەین.

دوپاتیشیدەکەینەوە داکەکی لەسەرجەم مافەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان دەکەین و پێشێلکردنی مافە دەستوریەکانمان و جیاکاری و سیاسەتی برسیکردن بەهەموو شێوەیەک ڕەتدەکەینەوە دژی دەوەستین.

دەقی راگەیەندراوی گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان: سەرەتای دروستبوونی کێشەی مووچە لەهەرێمی کوردستاندا لەوە دەستیپێکرد کە لایەنێکی سەرەکی و پێکهێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان دوای لایەنێکی ئۆپۆزسیۆن کەوتن و ئەوان ڕەنیشاندەری ناحەزانی هەرێمی کوردستان بوون بە دروستکردنی فشار بە بەینی موچەی فەرمانبەران.لەم کاتەدا وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدراڵ ئامادەیە تەنها 59٪ موچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان بدات ئەویش دوای یەک مانگ لە دواخستنی، کە مووچەی پێشمەرگە و شەهیدان و بەشێکی زۆری فەرمانبەرانی هەرێمی تەدا نییە، ئەمەش بە دروستکردنی فیتنە و جیاکاری و سوکایەتییە بە فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان.

لەم کاتەشدا حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەتایبەت بەڕێز سەرکۆزیران سەرقاڵی چارەسەرکردنی کێشەی موچەی هەموو فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانە. ئەوانەی لەدەرەوەی نیەتی نیشتیمانی و پاراستنی قەوارەی دەستوری هەرێمی کوردستان موزایەدە و قسەی دیکە دەکەن ئەگەر راست دەکەن با بفەرموون لەگەڵ وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدراڵ ئەو بەڵە موچەیە خێیان دابەشی بکەن، چونکە ئەمە نە سوکایەتی قبووڵ دەکەین و نەجیاکاری لەنێوان فەرمانبەرانمان دەکەین.دوپاتیشیدەکەینەوە داکەکی لەسەرجەم مافەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان دەکەین و پێشێلکردنی مافە دەستوریەکانمان و جیاکاری و سیاسەتی برسیکردن بەهەموو شێوەیەک ڕەتدەکەینەوە دژی دەوەستین.